له بلاوکراوه‌کانی ماڵپه‌ڕی ئیمان وه‌ن
www.iman1.com

به‌شی یه‌كه‌م: ئه‌بوبه‌كر ی صدیق رضي الله عنه له‌شاری مه‌ككه‌:

یه‌كه‌م :-ناوه‌كه‌ی، نه‌ژادی، نازناوی، شوره‌تی، خانه‌واده و ژیانی له‌سه‌رده‌می نه‌فامیدا :

یه‌كه‌م: ناوو نه‌ژاد و شوره‌ت، نازناوی:

ناوی عبدالله كوڕی عوسمان كوڕی عامركوڕی عه‌مر كوڕی كه‌عب كوڕی سه‌عد كوڕی تیم كوڕی مرّه كوڕی لوئه‌ی كوڕی غالب ی قوره یشی تیمی.[١]

له‌باپیره‌ی شه‌شه‌میدا له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خوا یه‌ك ده‌گرنه‌وه كه موڕڕه‌ی كوڕی كه‌عبه[2].
نازناوی به ئه‌بوبه‌كر ده‌ركردووه، كه‌سه‌رچاوه‌كه‌ی (البكره)ه واته حوشتری تازه پێگه‌یشتوو، كۆی (أبكر)ه و عه‌ره‌ب (به‌كر) به‌باوكی هۆزێكی گه‌وره ده‌زانن[3].

ئه‌بوبه‌كر كۆمه‌ڵێ نازناوی لێ نراوه كه هه‌ریه‌كه‌یان گه‌وره‌یی و مه‌زنی و شكۆداری و نه‌ژاد به‌رزی ئه‌و ده‌گه‌یه‌نێت له‌وانه:

١ـ العتیق: واته (ڕزگار) پێغه‌مبه‌ری خوا ئه‌م ناوه‌ی لێ ناوه و پێی فه‌رمووه: ((أنت عتیق الله من النار)).[٤] واته: تۆ ڕزگاربووی خوای له ئاگر، له‌گێڕانه‌وه‌یه‌كی تردا عائیشه‌ده‌ڵێت: ئه‌بوبكری صدیق ڕۆیشته خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ پێغه‌مبه‌ری خوا هه‌ركه چاوی پێ كه‌وت پێی فه‌رمووو: ((أبشر فأنت عتیق الله من النار)).[٥] واته موژده بۆ تۆ ڕزگاری له ئاگر له‌لایه‌ن خواوه)). ئیتر له‌و ڕۆژه به‌دواوه ناویان نا (عه‌تیق).[٦]

---

[1] ـ الإصابة لإبن حجر (١٤٤:٤ـ١٤٥)
[2] ـ سیرة وحیاة الصدیق، مجدی فتحی السید، لا٢٧
[3] ـ أبوبكر الصدیق على الطنطاوي، لا ٤٦
[4] ـ الإحسان فی تقریب صحیح إبن حبان (١٥:٢٨٠) سه‌نه‌ده‌كه‌شی (صحیحه)
[5] ـ رواه الترمذی، ژماره ٣٦٧٩ في المناقب وصححه الألبانی رحمه الله (١٣٧٤)
[6] ـ أصحاب الرسول محمود المصري (١:٥٩)

هەرچەندە هەندێ لە مێژوو نووسەکان هۆی جۆراوجۆر باس دەکەن لەسەر ئەم نازناوە، هەندێ دەڵێن: پێیان ووتووە (عەتیق) لەبەر جوانی ڕوومەتی.[7]

هەندێ دەڵێن: لەبەر ئەوەی لەمێژەوە خێرۆمەند بووە[8]

هەندێ تر دەڵێن دایکی ئەبووبەکر کوڕی بۆ نەدەما و دەمردن، کاتێ ئەبوبەکری بوو ڕووی کردە (کەعبە)ی پیرۆز ووتی: ((اللهم ان هذا عتيقك من الموت فهبه لى) واتە خوایە ئەمەم لە مردن بۆ ببەخشە و بیدە بە من.

سەیر نی یە ئەگەر هەموو ئەم ناوانە ڕاست بن، چونکە ئەبوبەکر تابڵێی دەمووچاوی جوان و درەوشاوە بووە، نەژادی باش بوو، لەمێژەوە خێر و مەند بووە و لە ئاگری دۆزەخیش دەبەخشرێت بە پێی موژدەکەی پێغەمبەرﷺبۆی.[9]

٢ ـ الصديق: پێغەمبەری خواﷺ ئەم نازناوەی لێناوە لە فەرموودەیەکدا کە ئەنەس رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خواﷺ لەگەڵ ئەبوبەکر و عمر و عوسماندا چوونە سەر ئوحود، ئوحود لەرزەیەکی کرد پێی فەرموو: ((إثبت يا أحد، فانما عليك نبيٌّ وصديق وشهيدان)).[10] ڕاوەستە ئوحود، مەجوڵێ چونکە پێغەمبەرێك و (صديق)ێك و دووشەهیدت بەسەرەوەیە.

ناوی نراوە (صديق) چونکە لەبەر زۆر باوەڕ بوونی بە ووتەکانی پێغەمبەری خواﷺ لەم بارەیەشەوە دایکی باوەڕداران عائیشە رضي الله عنها دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتی شەوڕەوی بەپێغەمبەرﷺ کرا بۆ مزگەوتی ئەقسا، خەڵکی لەوبارەیەوە قسەیان دەکرد، هەندێ هەر لە ئیسلام پاشگەز بوونەوە کە پێشتر باوەڕیان هێنابوو موسڵمان بوون، کۆمەڵێ پیاو بە خێرایی هاتنە لای ئەبوبەکر ووتیان (چ دەڵێیت دەربارەی هاوڕێکەت؟ واگومان دەبات ئەم شەو شەوڕەوی پێکراوە بۆ (بيت المقدس)!. ئەویش ووتی: وای ووتووە؟ ووتیان بەڵێ: ووتی: ئەگەر وای وتبێ ڕاستەکات، وتیان: تۆ بڕوای پێ دەکەیت هەرئەم شەو ڕۆشتبێت بۆ(بيت المقدس) و پێش خۆرهەڵهاتن گەڕابێتەوە؟!!.

فەرمووی: بەڵێ، چونکە من لەوەش زیاتر باوەڕم پێ کردوە، من باوەڕم پێ کردوە بە هەواڵی ئاسمان لەماوەی هاتن و چونێکدا، لەبەر ئەوە ناوی نراوە (ئەبوبەکری صديق).[11]

---

[7] ـ المعجم الكبير للطبراني (١:٥٢)

[8] ـ تأريخ الدعوة في الإسلام فى عصر خلفاءالراشدين د.يسرى محمد هانى، لاپەڕە ٣٦

[9] ـ المعجم الكبير (١:٥٢) الإصابة (١:١٤٦)

[10] –البخاري ـ كتاب فضائل أصحاب النبي باب فضل ابى بكر (٥:١١)

[11] ـ اخرجه الحاكم (٣:٦٢ـ ٦٣) وصححه واقرّه الذهبى

هەموو ئوممەتی ئیسلام لەسەر ئەو کۆن کە ناوی (الصدیق)ە چونکەزۆر زوو باوەڕی بە پێغەمبەرﷺ هێناو بەردەوام بوو لەسەر ئەم باوەڕپێکردنە و خراپەیەکی لێ نەبینرا تاسەر.[١٢]

٣ ـ الصاحب ـ هاوڕێ: خوای گەورە(عزوجل) ئەم نازناوەی لێناوە لەقورئانی پیرۆزدا وەك دەفەرموێت:﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَـٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِىَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾التوبة٤٠.

واتە: ئەگەر ئێوەش سەری نەخەن خوای گەورە سەری خست کاتێ بێ باوەڕان بەدوو قۆڵی دەریان کرد و کاتێ لەناو ئەشکەوتەکەدابوون و بەهاوڕێکەی دەووت: (دڵ گران مەبە خوامان لەگەڵدایە، خوای گەورەش ئارامی رژاند بەسەریاندا و بەسەربازە نادیارەکانی خۆی کۆمەکی کردن و ووشە بێ باوەڕیشی خستە ژێر و ووشەی (الله)ی بەرزو بڵند ڕاگرت و خوای گەورە زاڵ و کار بەجێ یە، زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە مەبەست لە ووشەی هاوڕێ ئەبوبەکری صدیقە.

لەئەنەسەوە دەگێڕنەوە کە ئەبوبەکر بۆی باس کردوە وتوویەتی: قلت للنبی وهو فی الغار: لوان أحدهم نظر الی قدمیە لابصرنا تحت قدمیه ! !
فقال النبیﷺ: ((یا أبابکر ما ظنُّكَ باثنین الله ثالثهما)) [١٣]

واتە کاتێ لە ئەشکەوتکەدا بووین: بە پێغەمبەرم ووت: ئەگەر سەیری بەرپێی خۆیان بکەن دەمانبینن! ! پێغەمبەریشﷺ فەرمووی: ئەی ئەبووبەکر گومانت چۆنە بە دوو کەس خوا سێ یەمیان بێت)).

(حافظ) (رەحمەتی خوای لێ بێ) دەڵێت: گەورەترین سەروەری ئەبوبەکر ئەو ووتەیەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَـٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ﴾مەبەست لە هاوڕێ لێرەدا ئەبوبەکرە بەبێ ملەجەڕێ.[١٤]

---

12 ـ الطبقات الکبری (٢:١٧٢)
13 ـ البخاری، فضائل الصحابە، ژمارە (٣٦٥٣) فتح الباری (٧:١٥)
14 ـ الإصابة فی تمییز الصحابة (٤:١٤٨).

ئەو فەرموودانەی باس لەوە دەکەن کە هاوڕێی ئەشکەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە زۆرن و مەشهورن و لەم سەروەریەشدا کەس نایگاتێ.

٤ ـ الاتقى (لەخوا ترس ترین) ئەم نازناوەش دیسان خوای –عزوجل– ناوی لێ ناوە لە قورئاندا وەك دەفەرموێت:﴿وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلۡأَتۡقَى﴾[١٥]

واتە: لەخوا ترسەکان لەو سزایەی خوا بە دوور دەبن.

ئەم باسەش ڕوون دەکەینەوە لەکاتی باسی ئەو بەندە سزا دراوانەی کە ئەبووبەکر ئازادی دەکردن.

٥ـ الأوّاه: ((زۆر گەڕاوەو تەوبەکار)): ئەمە نازناوی (الأوّاه) دراوەتە پاڵ ئەبوبەکر کە بەڵگەیە لەسەر لە خواترسانی ئەو پیاوە، ئیبراهیمی نەخەعی دەڵێت: ((کان أبوبکر یسمی بالاواه لرأفته و رحمته))[١٦] واتە: ئەبووبەکر بە (الأوّاه) ناوی دەرکردبوو لەبەر سۆز و میهرەبانی یەکەی..

دووەم: لەدایك بوون و ڕووخساری:

زانایان لەوەدا ناکۆکیان نی یە کە دوای ساڵی (فیل) لەدایك بووە، بەڵکو لەوەدا جیاوازییان هەیە کە هەندێکیان دەڵێن سێ ساڵ دوای ساڵی فیل، هەندێ تر دەڵێن بەڵکو دوو ساڵ و شەش مانگ و هەندێ تر دەڵێن دوو ساڵ و چەند مانگێك بەدیاری کردنی ژمارەی مانگەکان.[١٧]

ئەبوبەکر پێ گەیشت لەناو خانەوادەیەکی بەڕیز و حورمەت لەناودڵی هۆزەکەیاندا و ژیانێکی چاك و خۆش گوزەران تاوای کرد بەهۆی ئەو ژیانە (صدیق)ی لاو نەفس بەرزانە و شوێنەوار بەر لەناو گەلەکەیدا گەورە بوو.[١٨]

لەلایەن شێوازیەوە، بەسپی پێست وەسفیان کردوە، لەشی باریك و لاواز بووە، قەیسی کوڕی ئەبی حازم لەم بارەیەوە دەڵێت: چوم بۆلای ئەبوبکر، پیاوێکی باریکەلە بوو، سپی یەکی لاواز بوو.[١٩]

ژیاننامەنووسان لەسەردەمی ڕاویەکانەوە دەڵێن: ئەبوبەکر بەوە وەسف کراوە ڕوخساری سپی مەیلەو زەرد، باڵایەکی جوان، لاواز و ناوشان تەنگ بووە، کەمێ پشت کۆم، جل و بەرگی کۆ نەدەکردەوە لەم و لەو لا کەلەکەیەوە شۆڕ دەبوویەوە، دەم و چاوی ڕەقەکار بووە، چاوی کەمێ قوڵ بووە، لوت کۆمەڕ و قاچەکانی باریك بوە، تەوێڵی زەق بووە،

---

15 ـ سورة الليل (١٧)

16 ـ الطبقات الكبرى (٣:١٧١)

17 ـ سيرة وحياة الصديق، مجدى فتحى السيد، لا٢٩، تأريخ الخلفاء، لا ٥٦

18 ـ تاريخ الدعوة الى الإسلام فى عهد الخلفاء الراشدين، لا٣٠

19 ـ الطبقات لإبن سعد، لا (٣:١٨٨) اسناده صحيح

ئێسقانی پەنجەکانی دەرپەڕیوە، ریشی دەگرتە خەنەو مووە سپی یەکانی سور دەکرد.[20]

سێ یەم: خانەوادەکەی (الصدیق):

باوکی، (ناوی عوسمان کوڕی عامری کوڕی عەمرە، بە ئەبوو قوحافە) ناوبانگی دەرکردوە، لەڕۆژی فەتحی مەککە موسڵمان بوو، ئەبوبەکر دەستی گرت هێنایە خزمەت پێغەمبەرﷺ ئەویش پێی فەرموو: ئەبوبەکر خۆزگە لێی بگەڕایتایە، ئێمە بە خۆمان دەهاتین بۆلای، ئەبوبەکر لە وڵامدا ووتی: ئەو شایانە بێتە خزمەتت ئەی پێغەمبەری خواﷺ .

دەگێڕنەوە پێغەمبەری خواﷺ پیرۆزبایی لە ئەبوبەکر کردوە بە بۆنەی موسڵمان بوونی باوکی یەوە، بە ئەبوبەکریشی ووتووە: شێوازی موی سەری بگۆڕن، سەری ئەبو قوحافە ئەوەندە سپی بوو لەدار (ثغامە)* دەچوو..

لەم هەواڵەدا بۆمان دەردەکەوێت کە تاچەندێك بەرنامەی پەروەردەیی پێغەمبەری خواﷺ گرنگی بەڕێزگرتن لە گەورەو بەساڵاچووان داوە، ئەوەشی ئەمە دەسەلمێنێ فەرموودەیەکی پێغەمبەرەﷺ کەدەفەرموێت: (لیس منا من لم یوقر کبیرنا ویرحم صغیرنا)،[21] واتە: (لەئێمەی موسڵمان نی یە ئەو کەسەی ڕێز لەگەورە نەگرێت و بەزەیی بە بچوکاندا نەیەتەوە).

بەڵام دایکی، ناوی سەلمای کچی صەخری کوری کەعبی کوڕی سەعدی کوڕی تیم و شورەتی (ئومول خەیر)ی وەرگرتووە، زوو موسڵمان دەبێت بەدرێژی لە ڕووداوی داواکردنی بینینی پێغەمبەرﷺ لەلایەن ئەبوبەکرەوە لەمەککە.[22]

ئەبوبەکری صدیق لە ژیانیدا (٤) خێزانی هەبووە، (٣) کوڕی لێیان بووەو (٣) کچ. کە ئەمە ناوی خێزانەکانی یەتی:

١ ـ قتیلە کچی عبدالعزّی ی کوڕی ئەسعەدی کوڕی جابری کوڕی مالك.

جیاوازی هەیە لەموسڵمان بوونیدا[23]، ئەم ئافرەتە دایکی عبداللە و ئەسمایە، ئەبوبەکرؓ لەسەردەمی نەفامیدا تەڵاقی داوە، لەم دواییانەشدا سەردانی ئەسمای کچی کردەوە لە مەدینەو هەندێ دیاری وشتی وەك ڕۆن و کەشکی بۆ بردوە لەگەڵ خۆیدا، ئەسمایش دیاریەکانی لێ وەرنەگرت و نەیهێشت بێتەماڵەکەی تا پرسی بە عائشەڵ نەکرد تا لەپێغەمبەری خواﷺ بپرسێت بۆی، پێغەمبەری خوایشﷺ فەرمووی: ((لِتُدخلها ولتقبلَ

---

[20] ـ البخاری ژمارە (٥٨٩٥). أبوبکر مجدی السید لا (٣٢)

* دارێکە گوڵی سپی دەکات

[21] ـ الترمذی کتاب البر باب(١٥)

[22] ـ تاریخ الدعوة الی الإسلام في عهد الخلفاء الراشدین، لا٣٠

[23] ـ الطبقات لإبن سعد (٣:١٩٦) (٨:٢٤٩)

هدیتها))، واتە: بابیکاتە ژورەوەو دیاریەکەشی لێ وەربگرێت و لەم بارەیەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾.[24] واتە: خوای گەورە بەرگریتان لێ ناکات کە چاکبن لەگەڵ ئەوانەدا کە جەنگتان لەگەڵ ناکەن و لەماڵ و حاڵیش دەریان نەکردوون، وەك ئافرەتان و منداڵان کە سەردانیان بکەن و میوانداریان بکەن و پەیمانیان ببەنە سەرو سپاردەیان بپارێزن و بەتەواوی نرخی شتەکانیان پێ بدەن، خوای گەورە دادپەروەرانی خۆش دەوێت لێیان ڕازی دەبێت و لەستەمکارانیش زویر دەبێت و سزاشیان دەدات.[25]

٢ـ ئوم ڕومان کچی عامر کوڕی عویمر:

لەهۆزی بەنی کەنانەی کوڕی خەزیمە، مێردەکەی کەناوی حارسی کوڕی سەخبەرە بوو لە مەککە کۆچی دوایی کردبوو، پاشان ئەبوبەکرﷺ مارەی کرد، زوو موسڵمان بوو، پەیمانی داوە و کۆچی کردوە بۆ مەدینە، دایکی عبدالرحمن و عائشەﷺلەسەردەمی پێغەمبەری خواداﷺ لەساڵی شەشەمی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

٣ـ حبیبە کچی خارجە کوڕی زەیدی کوڕی ئەبی زوهەیر:

ئەم خێزانەی لە پشتیوانانەو لە هۆزی خەزرەجە، پاش وەفاتی ئەبوبەکر ئوم کەلسومی بوو، ئەبوبەکری (الصدیق) ماڵی باری کردە ناو کەس و کارەکەی لە سونەح کە گەڕەکێ بوو لە بەرزایی یەکانی مەدینە.

٤ـ ئەسمای کچی عومەیس کوڕی مەعبەدی کوڕی حارس:

بە ئوم عەبدوڵڵا ناسراوە، لەکۆچەریانی دێرینە، زوو موسڵمان دەبێت تەنانەت پێش چوونە ماڵی ئەرقەم، پەیمانی بە پێغەمبەری خواﷺ داوەو لەگەڵ جەعفەری کوڕی ئەبوتالیبی هاوسەریدا کۆچی کردوە بۆ حەبەشە، پاشان لەگەڵیدا کۆچ دەکات بۆ مەدینە، لەجەنگی (موئتە)دا هاوسەرەکەی شەهید دەبێت و پاشان ئەبوبەکری (الصدیق)یش دەیخوازێت و محمدی کوڕی لێ دەبێت، هاوەڵان لە (ئوم عبداللە)وە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە: وەك: عمر، ابو موسی، عبدالله کوڕی عەباس، ام الفضل خێزانی عەباس، لەهەموو خەڵکی ژن و ژنخوازییەکانی بەڕێزتر بووە کە بریتی بون لە: پێغەمبەری خواﷺ حەمزەو عەبباس و کەسانی تر (خوایان لێ ڕازی بێ).

24ـ الممتحنة ئایەتی (٨)

25ـ التفسیر المنیر للزحیلي (٢٨:١٣٥)

* کوڕەکانی ئەبووبەکرﷺ ئەمانە بوون:

١ـ عبدالرحمن کوڕی ئەبووبەکر:

گەورەترین کوڕی ئەبووبەکرە و لەڕۆژی حودەیبیەدا موسڵمان بوو، موسڵمانیەتیەکی زۆر چاك، هاوەڵێتی پێغەمبەری خوای کردوەو بە ئازاو نەبەرد ناوی دەرکردووەو هەڵوێستی دلێرانەی دیاری هەبووە دوای موسڵمان بوونی.[٢٦]

٢ـ عبدالله ی کوڕی ئەبوبەکر:

خاوەنی ڕۆڵی گرنگ لە ڕۆژی کۆچدا، بەڕۆژ لەمەککەدا دەمایەوە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و لەوێش دا بە دزی یەوە خۆی دەگەیاندە ئەشکەوتی (ثور)و هەواڵەکانی دەگەیاندە پێغەمبەری خواﷺو باوکی، هەرکە ڕۆژ دەبوویەوە دەگەڕایەوە بۆ مەککە، لەجەنگی (تائیف)دا تیرێکی بەردەکەوێت، بەکاریگەری ئەو تیرەوە لەسەردەمی خیلافەتی باوکیدا لەمەدینە بەشەهیدی گیان دەسپێرێت.[٢٧]

٣ ـ محمدی کوڕی ئەبوبەکر:

دایکی ناوی ئەسمای کچی عومەیسە، لەساڵی حەجی ماڵئاوایدا لە دایك بووە، یەکێ بووە لە گەنجەکانی قورەیش، لە ژێرسایەی عەلی کوڕی ئەبو طالب دا گەورە بووەو پاشانیش کردی بە والی و سەرکردەی میسر و هەر لەوێش کوژرا.

٤ ـ ئەسمائی کچی ئەبوبەکر:

نازناوی (خاوەن دوو پشتوین)ەو لە عائیشەل گەورەترە پێغەمبەری خواﷺ ناوی ناوە (ذات النطاقین)، واتە (خاوەن دو پشتوێن) چونکە لەکاتی کۆچدا پیاسکەی خواردنی بۆ پێغەمبەری خوا و باوکی ئامادە کرد، نەیزانی بەچی بیبەستێت بە خۆیەوە بۆ ئەەی نەکەوێت ناچار پشتوێنەکەی پشتی خۆی کرد بە دوو لەتەوەو بە لەتێکیان پیاسکەکەی پێ بەست و پێغەمبەری خوایشﷺ ئەو ناوەی لێ نا، ئەسما خێزانی زوبێری کوڕی عەوام بووەﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە لەکاتێکدا کە دوو گیان بوو بە (عبدالله)ی کوڕی زوبێرەوە، پاش کۆچ کردن بۆ مەدینە (سکەکەی بوو) کە (عبدالله) بوو بە یەکەم کۆرپەی دوای کۆچ لە ئیسلامدا، ئەسما تەمەنی دەگاتە (١٠٠) ساڵ، بەڵام نە عەقڵی لە دەست دەدات و نە دانیشی دەکەوێت!، (٥٦) فەرموودەی لە زاری پێغەمبەری خواوەﷺ گێڕاوەتەوە، خەڵکانێکی وەك (عبدالله)ی کوڕی عەباس و عبدالله و عروەی کوڕی خۆی و عبداللەی کوڕی

---

[26] - البدایة والنهایة (٦:٣٤٦)
[27] - نسب قریش لا ٢٧٥

ئەبی مولەیکەو کەسانی تریش فەرموودەیان لەزاری ئـەوەوە گێڕاوەتـەوە، زۆر خێرۆمەنـد و سەخی بووە لە ساڵی (٧٣)ی کۆچی لە مەککە کۆچی دوایی دەکات.[٢٨]

٥ـ عائیشە دایکی ئیمانداران

ڕاستگۆی کچی ڕاستگۆ پێغەمبەری خوا لەتەمەنی شەش ساڵیدا داوای کرد و لـە (٩) ساڵیدا گواستی یەوە، لەمانگی شـەوالدا شـایی بـۆ کـرد، بـە زانـاترینی ئافرەتـان ناوبـانگی هەیە، پێغەمبەری خوا بە (دایکی عبدالله) بانگی کردووە و ئەوەندەی خۆش ویستووە بـووە بە نموونەی ئافرەتی چاك [٢٩].

شـەعەبی لـە مەسـروقەوە دەگێڕێتـەوە کـە هـەرکاتێ مەسـروقە باسـی عائیـشە دایکـی بڕوادارانــی بکردایــە دەیــووت: ڕاســتگۆی کــچی ڕاســتگۆی پــاك داوێنــی خۆشەویــستی خۆشەویستەکەی خواﷺ بۆی باس کـردم، سـەنەدەکانی دەگاتـە. (٢٢١٠) فـەرموودە، کـە (بوخاری و مـسلم) لەسـەر (صـحیح)ی (١٧٤) فـەرموودەیان کـۆکن و (بوخـاری)ش بەتـەنها (٥٤) و (مسلم)یش (٦٩) فەرمودەیان بـەجیا لێ گەڕاندۆتـەوە، (٦٣) سـاڵ و چـەند مانگێـك ژیاوەو لەساڵی(٥٧)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووەو منداڵی نەبووە [٣٠].

٦ـ ام کلثومی کچی ئەبووبەکر:

دایکی ئوم کەلسوم ناوی حەبیبـەی کـچی خارجەیـە، ئەبوبـەکرﷺلـەکاتی سـەرەمەرگدا بەدایکی باوەڕداران عائشەی ووت: ئەودوانـە هـەردوکیان بـراتن و ئـەو دوانـەش هـەردوکیان خوشکتن، عائیشەیش پێی ووت: ئەوە ئەسمایە دەیناسـم ئـەی خوشـکەکەی تـرم کـێ یـە؟ ئەویش ووتی: (سکەکەی) ی کچەکەی خارجە، بەڕاسـتی دڵـم خەبـەری داوە وادەزانم کـچە، هەروایش دەرچوو، ئەو کچە پاش مردنی ئەبووبەکر لەدایك بوو.[٣١]

پاشان گەورە بوو تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا مارەی کرد بەڵام لەجەنگی (جمل)دا شەهید بوو، عائشە لەکاتی عیددەی دا دەیبات بۆمەککەو حەجی پێ دەکات..

ئائەمەیە خانەوادەی پیرۆزی (الصدیق)، کە خوای(عزوجـل) ڕێـزداری کـردن بـە ئیـسلام، لـەناو هـەموو هاوەڵانـدا خـوای گـەورە ئـەم ڕێـزەی تـەنها بـە ئەبووبـەکر داوەﷺ، زانایـان دەڵێن: لەناو هاوەڵاندا نەزانراوە کە کامیان چوارپشتیان هـاوڕێ یـەتی پێغەمبـەری خوایـان کردبێ جگە لە خانەوادەی ئەبوبەکری صدیق نەبێت، بەم شێوەیە: عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر،

---

[28] ــ سير أعلام النبلاء. ٢:٢٨٧
[29] ــ تأريخ الدعوة في عهد الخلفاء الراشدين، ل٣٤٤
[30] ــ الطبقات لإبن سعد
[31] ــ الطبقات (٣:١٩٥). (٣)

کە دایکی ئەسمای کچی ئەبوو بەکری کوڕی ئەبوو قوحافەیە کە ئەو چوار وەچەیە هەموویان لەهاوەڵان بوون، هەروەها محمدی کوڕی عبدالرحمن کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئەبو قوحافە [32].

لەناو هاوەڵاندا کەسێك بەدی ناکەیت کە باوك و دایك و منداڵەکانی موسڵمان بووبن و خۆی و منداڵەکانیشی پێغەمبەری خوایان دیبێ چ لەسەری ژنان یان پیاوانەوە بێت ـ وەك باسم کرد ـ هەرهەموویان باوەڕیان بە پێغەمبەرﷺ هێناوەو هاوەڵیشیان کردووە،

ئەمەیە خێزانی (الصدیق) کەسەکانی کەسی بیروباوەڕن یەك دوو ڕوویان تیا هەڵنەکەوتووەو لەمەشدا لەناو هەموو هاوەڵاندا تاکەی.

جاران دەگووترا: باوەڕ قاپیی هەیە و دوو ڕویشی قاپیی،ماڵی ئەبووبەکر لەناو کۆچەریاندا قاپی باوەڕ بوو، لەناو پشتیوانانیشدا (بەنی نەجار) [33].

چوارەم: ڕەوشتی (الصدیق) لەسەردەمی نەفامیدا :

ئەبوبەکری صدیق لەسەردەمی نەفامیدا یەکێ بووە لە پیاوماقوڵ و ناودار و سەرکردەکانی قورەیش، پێش هاتنی خۆری ئیسلام ڕێز و شەرەفمەندی لە (١٠) خانەوادەی دەبینیەوە لەناو ئەوانیشا (١٠) کەس، لەوانە:

یەکەم: عەباسی کوڕی عەبدولموتتەلیبی کوڕی بەنی هاشم، ئاوپێدانی حاجیانی ماڵی خوا لەسەردەمی نەفامی داو لە ئیسلامیشدا پێیان درایەوە.

دووەم: ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب لەنەوەی ئوممەیە، کە ئاڵای قورەیشی لە دەستدابوو، هەرکاتێ قورەیش لەسەر سەرکردەیەك پێك نەهاتنایە ئەویان دەکردە سەرکردەو پێشیان دەخست.

سێیەم: حارسی کوڕی عامیر لەنەوەوی نوفل، رفادەیان لەدەستدا بوو، کە پارەیەکە قورەیش کۆی دەکردەوە بۆ نەهامەتی و داماوی هەژاران.

چوارەم: عوسمانی کوڕی زەمعەی کوڕی ئەسوەد لەنەوەی (ئەسەد):

ڕاوێژکردنی درابووە، قورەیش دەستی نەدەکرد بە ئاودا تاپرسی ئەو نەکردایە ئەگەر پێی باش بوایە پشتیشی دەگرتن و ئەگەر بەدڵی نەبوایە خۆیانی سەرپشك دەکرد و ئەوانیش کۆمەکی دەبوون.

---

[32] ـ أبوبکر الصدیق محمد رشید رضا لا ٧

[33] ـ أبوبکر الصدیق (١:٢٨٠) محمد بن مال الله،کە لە (منهاج السنة)ی إبن تیمیە وەری گرتووە.

پێنجەم: ئەبوبەکری صدیق لەنەوەی تیم (الاشناق)ی پێ درابوو کە بریتی بوو لە خوێن و قەرز بژاردن، ئەگەر مافێکی بخستایەتە سەر یەکێك و داوا لە قورەیش بکرایە باوەڕیان پێ دەکرد و هاوکاری بژاردنەکەشیان دەکرد، بەڵام یەکێکی تر ئەم کارەی بکردایە دەست بەرداری دەبوون.

شەشەم: خالیدی کوڕی وەلیدﷺلەنەوەی مخزوم، (القبّة والاعنّة) تایبەت بووە بەوەو (القبّة) داکوتینی چادری جەنگ، یەکسەر هەموو قورەیش لەدەورەی کۆدەبوونەوەو خۆیان بۆ جەنگ دەسازاند، (الاعنّة) واتە: هەرشتێ تایبەت بی بەوڵاخ و زین کردنی یەوە.

حەوتەم: عمری کوڕی خەتتابﷺ لەنەوەی عەدی لەنەفامیدا ئیش و کاری باڵوێزی تایبەت بووە بەوەوە.

هەشتەم: سەفوانی کوڕی ئومەییە لەنەوەی جومەح، (أزلام) واتە پێوانەی زەوی و زارەکان، تایبەت بووە بەو.

نۆیەم: حارسی کوڕی قەیس لەنەوەی سەهم، کاری حکومەتداری پارەو دارایی تایبەت بەخواکانیان کاری ئەو بووە.[٣٤]

ئەبوبەکری (الصدیق) یەکێك بووە لە پیاوماقوڵانی قورەیش لەسەردەمی نەفامیدا و لەهەرە چاکەکانیان بووە و لەنەهامەتی یەکاندا هانایان بۆ هێناوە، لەمەککە کەس نەگەشتۆتە میواندارییەکانی ئەو.[٣٥]

بەزۆر شت بەناو بانگ بووە لەوانە:

١ـ نەژاد زانی:

بەیەکێ لەزانایانی نەژاد(النسب)دەژمێردرێت، هەواڵی هەموو عەرەبی لەلابووە، لەوبوارەدا دەستێکی باڵای هەبووەو تاوای لێ هاتووە بە مامۆستای زۆرێ لەنەژادناسان دادەنرێت لەوانە (عەقیل ی کوڕی ئەبو طالب) و کەسانی تریش، لەم کارەیدا عادەتێکی جوانی وای لێ کردووە هەموو عەرەب خۆشیان بوێت ئەویش ئەوەیە بەپێچەوانەی خەڵکانی ترەوە نەنگی و سوکایەتی هیچ تیرەیەکی ناونەبردووە.[٣٦]

لەهەموو قورەیشیەکان زیاتر نەژادی قورەیشی زانیوەو لەهەموویان زیاتر هەواڵی چاك و خراپی یانی لەلابووە.[٣٧] لەم بارەیە عائیشەڵ لەپێغەمبەری خواوەﷺ دەگێڕێتەوە کە

[34]- أشهر مشاهير الإسلام (١:١٠).
[35]- نهاية الارب (٣٩:١٠) نقلاً عن تاريخ الدعوة، يُسرى محمد لاپەڕە (٤٢).
[36]- التهذيب (٢:١٨٠).
[37]- الإصابة (٣:١٤٦).

فەرموویەتی: (إن أبابكر أعلم قريشاً بأنسابها)[38] واتە: ئەبوبەکر شارەزاترینی قورەیشە بەنەژادی قورەیش.

٢ ـ بازرگانی یەکانی:

لەسەردەمی نەفامیدا بازرگانی کردوەو، بۆ ئیش و کاری بازرگانی چووەتە (بوسی) لەناوچەی شام، لاتانیش گەڕاوە، سەرمایەکەی چل هەزار درهەم بووە، خێری زۆری بەسەرەوە دەکرد و لەسەردەمی نەفامیدا بەبەخشندەو سەخی ناوی دەرکردبوو.[39]

٣ ـ خۆشەویستی ناو هۆزەکەی و لەناو دڵیانا بووە:

ئیبن ئیسحاق لە ژیاننامەکەیدا باس لەوە دەکات کە زۆر خۆشیان ویستووە، حەزیان بە تێکەڵی کردنی کردووە، دانیان بە چاکەو پیاوەتی و ڕەوشت بەرزیدا ناوە، ئەهاتن بۆلای و سەردانیان دەکرد هەرکارێ بهاتایەتە پێش ئەمەش لەبەر زانایی و بازرگانی یەکەی و خۆشی دانیشتنەکانی[40]، ئیبن دەغەنە لەکاتێکدا ویستی کۆچ بکات پێی ووت: ئەی ئەبووبەکر، تۆ جوانی ئەم هۆزەیت، لەتەنگانەدا بەهاناوە دەچیت، یارمەتی نەدار ئەدەیت، چاکەکاریت.[41]

ئیبن حەجەر لەسەر ئەم ووتەیەی ئیبن دەغەنە دەڵێت: لەگەورەترین سەروەریەکانی ئەبوبەکر لەووتەکەی ئیبن دەغەنەوە دەردەکەوێت کەکاتێ جیوارو پەنادانەکەی ڕەتکردەوە کە کۆمەڵێ وەسفی جوانی کرد کە زۆر نزیك بوو لەو وەسفانەوە کە خەدیجە بە پێغەمبەری خوای ووت کاتێ بوو بە پێغەمبەر، پڕاوپڕ ئەو وەسفانە وەك یەکن لەگەڵ جیاوازی لەکاتەکانیاندا، ئەمە ئەو پەڕی سەناو مەدحە بۆ (صدیق) چونکە ڕەوشتی پێغەمبەرﷺ لەمنداڵی یەوە بەرزترین ڕەوشت بوە.[42]

٤ ـ لەسەردەمی نەفامیشدا مەی نەنۆشیوە:

خاوێن ترین کەس بووە لەسەردەمی نەفامیدا، تەنانەت لەپێش هاتنی ئیسلامدا مەی خواردنەوەی لەسەر خۆی قەدەغە کردبوو، دایکی بڕواداران عائیشەڵ دەڵێت: ئەبوبەکرؓمەی خواردنەوەی لەسەر خۆی حەرام کردبوو، نە لەسەردەمی نەفامی و نەلەسەردەمی ئیسلامدا نەیخواردوەتەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو ڕۆژێك دای بەلای سەرخۆشێك دا ئاگای لەخۆی نەمابوو، دەستی ئەکرد بە پیسیدا و دەیبرد بۆ دەمی، کاتێ

38- مسلم ژماره (٢٤٩٠). الطبراني في الكبير ژماره (٣٥٨٢).
39- أبوبكر الصديق على طنطاوى، لا ٦٦، تأريخ الإسلام، الخلفاء الراشدين ـ محمود شاكر لا٣٠.
40- السيرة النبوية لإبن هشام (١:٣٧١).
41- البخاري، كتاب مناقب الأنصار.
42- الإصابة (٤:١٤٧).

بۆنەکەی دەگەشتە لوتی دەیگەڕاندەوە دواوە، ئـەمیش لەسـەرخۆی حـەرام کـرد.[43] لـەجێ یەکی تردا عائشە دەگێڕێتەوە:... ئەو و عوسمان لەسەردەمی نەفامیدا مەیان لەسەرخۆیان قەدەغە کردووە.[44]

صدیقﷺ لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە پێیان وتبـوو: ئایـا لەسـەردەمی نەفامیـدا مـەیت خواردۆتەوە؟ وتی: پەنا بەخوا، وتیان: بۆچـی؟ ووتـی: ناموسـی خـۆمم پاراسـتووە لەگـەڵ پیـاوێتیم: ئـەوەی مـەی بخواتـەوە نـاموس و پیـاوێتی خـۆی لەدەسـت دەدات. کاتـێ ئـەم قسەیەی گەیشتەوە پێغەمبەری خواﷺفەرموی: صدق أبوبکر، صدق أبوبکر مرَّتین،[45]واتـە: ئەبوبەکر ڕاستی ووت، ئەبوبەکر ڕاستی ووت دووجار.

٥ـ سوژدەی بۆ بت نەبردوە:

ئەبوبەکری صدیقﷺ هەرگیز سەری بۆ بت دانەنەواندووە، جارێك ئەبوبەکری صدیقﷺ لەناو هاوەڵانی پێغەمبەری خواداﷺ ووتی: لە ژیانمدا هـەرگیز سـوژدەم بـۆ بـت نـەبردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو هەر کە پێگەیشتم باوکم دەستی گرتم و بردمیـە ژورێکـی چـۆڵ، کـە بتـی تێـدابوو، پێـی ووتم ئەمانـە خـودا بـەرزو لێ هاتووەکـانی تـۆن، جێـی هێـشتم و چـووە دەرەوە، منیش لەبتەکان نزیك بوومەوەو ووتم: برسیمە خواردنم پێ بدەن، وەڵامیان نەبوو، وتم: جل و بەرگم نی یە بۆم بکـە؟ وەڵامیـان نـەبوو، منـیش بـەردێکم تـێ گـرت و بـەدەما کەوت.

ئابەم جۆرەو ڕەوشتی بەرزی و بیری ڕوونـاکی و سروشـتی پـاکی نـەیان هێـشتووە هـیچ کارێکی سەردەمی نەفامان کە پێچەوانەی سروشتی پاك و ژیری و پیاوەتی ڕاستەقینە بوو، پیاوەتی بڕوشێنێ و کەرامەتی کەم کاتەوە.

ئیتر سەیری نی یە ئەگەر کەسێك خاوەنی ئاوا ڕەوشتێك بێـت خـۆی بگەیەنێـە کـەژاوەی بانگەوازی حەق و پێشی پێشیشی لێ بگرێت، لـەدوای موسـڵمان بـوونی چـاکترین موسـڵمان دەرچـێت پـاش پێغەمبـەری خـواﷺ پێغەمبـەری خـواﷺ فـەرمووی: (خیـارکم في الجاهلیـة خیارکم في الاسلام اذا فقهوا)[46] واتە: باشترین کەستان لەسەردەمی نەفامی دا باشترین کەس دەبێت لەسەردەمی ئیسلامیدا ئەگەر لە ئیسلام حاڵی بن.

هەر بۆیەشە مامۆستا (رفیق العظـم) لەسـەر ژیـانی ئەبوبـەکرﷺ لەسـەردەمی نەفامیـدا دەڵێت: (ئەی خـوای گـەورە، کەسـێك لەسـەردەمی نەفامیـدا لـە نـاو بتـا گـەورە بووبێـت و

---

[43] ـ سیرة و حیاة الصدیق ـ مجدی فتحی لا (٣٤).
[44] ـ تأریخ الخلفاء للسیوطي ص لا ٤٩.
[45] ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو لا(٢٩).
[46] ـ تأریخ الدعوة في عهد خلفاء الراشدین لا ٤٣.

ئاینێکی ڕاست نەبووبێت، دەست گری بی و نەیاسایەك بەرگری کەر، کەچی ئاوا لەڕەوشت بەرزی بڕوانێت و ئاوا بە جوانی دەست بگرێتە درەختی پاکی و پیاوەتی یەوە، بێگومان شایانە کە ئیسلامی بینی بە هەموو دڵێکی یەوە باوەشی پێدا بکات، بێتە یەکەمین کەس باوەڕ بهێنی بەپەروەردگاری بەندەکان، بەمو ئیسلامەکەشی لوتی خۆبەزلزان و سەرکەشان بسوتێنیّ، ڕێگای گرتنەبەری هیدایەت ئاسان بکات، ئەو کەسەی ڕەگ و ڕیشاڵی بەدڕەوشتی لەناو دەروونی بڕواداراندا لە بێخ دەربهێنێت.[47]

ئای لەچاکی(الصدیق)ﷺ کەخاوەنی سەرمایەیکی گەورەبوو لەڕەوشت بەرزی و بەها جوانەکان و ئاکارە نایابەکان بوو لەناو کۆمەڵگەی قوریش دا لەپێش ئیسلام، خەڵکی مەککە ئەم شایەتی یەی بۆدەدەن کە لەپێش هەموویانەوە بوو لەڕەوشت بەرزی و نموونەییدا، یەکیّ نابینی لە قورەیشیەکان ووتەیەکی نەنگی دابێتە پاڵ (الصدیق) یان لەشان و شەوکەتی کەم کردبێتەوە، یان ڕەخنەی لیّ گرتبیّ هەروەك چۆن بەهەموو مسوڵمانە هەژارەکانیان دەکرد، تەنها نەنگی و ڕەخنەیەکی لەسەر بوو ئەویش بڕوا پتەوەکەی بوو بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی.[48]

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ نوێ بوونەوەی ئیمان

imanonekurd@yahoo.com

47_ أشهر مشاهير الإسلام (١:١٢).

48_ منهاج السنة لإبن تيمية (١:٢٨٨_ ٢٨٩) لەکتێبی (ابی بکر الصدیق أفضل الصحابة واحقهم بالخلافة) وەرگیراوە.